سەماحەتی حەکیم .. بۆ گۆڕینی سەقامگیری ئێستا بۆ هەمیشەیی پێویستە بەرژەوەندی عێراق پێشنگی هەموو شتێك بێت

لەبەرواری 28-4-2024 بەڕێز عمار حەکیم سەرکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی پێشوازی کرد لە فەخامەتی دکتۆر عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرکۆماری عێراق و بەیەکەوە باسیان لەپێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و شایستە داهاتووکان کرد، سەماحەتی و فەخامەتی سەرك ستایشی هەموو ئەو هەوڵانەیان کرد کە بووەتە هۆکاری ئەو سەقامگیرییەی بەدەستهاتوە بەتایبەتی لە ڕووی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

سەماحەتی داوای لە هەمووان کرد هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ئەو سەقامگیرییە بۆ هەمیشەیی بگۆڕن و لەڕێش دەبێت بەرژەوەندی عێراق لەهەموو جووڵەیەکدا پێشەوە بکرێت، هەروەها پاپشتی خۆی بۆ حکومەتی بەڕێز سوودانی دەربڕی لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و گۆشەسەندن، سەماحەتی گوتی حکومەت ئەمڕۆ چیرۆکی سەرکەوتنێکە کە هەمووان تێیدا بەشدارنبەتایبەتی ئەو هێزە سیاسییانەی پاپشتی دەکەن، هەروەها دووپاتی کردەوە کە پیویستە پاڵە بکرێت لە دانانی سەرکەکی دیکە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.

باسی فەلەستین و غەزە لە دیدتارەکە کرا و لەڕەدا سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر ڕاگرتنی شەڕ و سەرکەوتن بۆ ئەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی و شەرعیەتی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی ئەو شەڕە جینۆسایدە و برسێتی کردنە ببنەوە کە خەڵکی غەزە ڕووبەڕووی بوونەتەوە.